# ماڵی شۆخە نووستووەکان*



**ماریو بارگاس یوسا**

**و: محەمەد عەبدوڵلا**

خوێندنەوەی ڕۆمانێکی وەرگێڕدراو لە زمان و کولتوورێکی زۆر جیاواز لە ئێمە، ڕەنگە نهێنیی زۆرمان لەدووتوێیدا لێ حەشاربدات. بیرمە چەند ساڵێك لەمەوبەر بە ڕۆمانێکی (جۆنیکیرۆ تانیزاکی) زۆر سەرسامبووم، کە بە زمانی فەرەنسی خوێندمەوە. کچە پاڵەوانەکەی ئەم ڕۆمانە لەکۆتاییدا خۆی لە ماڵەکەی توندکرد تا ژەمێك ماسیی بەلەزەت لێبنێت، ئەمەش دوای ئەوەی چەندین جۆر ئازارو مەینەتیی چەشت. ئەم کۆتاییە چاوەڕواننەکراوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە خەیاڵمدا مایەوە. ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیە، ژنە داماوەکەی گەیاندە ئەوەی خواردنێکی بەلەزەت ئامادەبکات. ئایا ئەم ڕووداوە زۆر ناسك و ئاڵۆزە، قورس نییە بۆ کەسێکی ڕۆژئاوایی هەزمی بکات؟

تا لەدواییدا هاوڕێیەکی یابانیم ئەم تێگەیشتنە شاعیرییەی لێ تێکدام، کاتێك بۆی ئاشکرا کردم کە ئەو ژەمە ماسییە ژەهراوی بووەو ڕووداوەکەش تەنها خۆکوشتنی پاڵەوانەکە بووە. بەمشێوەیە ئەوەی من بە سروتێکی بەهەشتیم دەزانی دەرکەوت ڕووداوی خۆکوشتنێکی قێزەونە.

پاش خوێندنەوەی ڕۆمانە زۆر جوانەکەی یاسۆناری کاواباتا (ماڵی شۆخە نووستووەکان) لەخۆم پرسی، دەبێت چەند ئاماژەی ڕەسەن لە کاتی وەرگێڕانیدا بۆ دەستەواژەی زبری ئیسپانی بزربووبێت؟.. دەبێت چەند فۆرم و جوانکاری و ئیشارەتی واتایی لە کاتی ئەم گەشتە زمانەوانییەدا ونبووبێت؟.. ئەم چیرۆکە جگە لە ناسکی و سەرنجڕاکێشییەکەی، کۆمەڵێك ڕەمزی نادیاری تێدایە وەك ئەوەی لە تێکستی (کیمیاگەر)دا دەیبینین. بەهەرحاڵ ئەوەی کە ماویشەتەوە زۆرەو خوێنەری زمانی ئێمە دەبێت قووڵ مەلەبکات تا لەم دەقە فەنتازییەدا ون نەبێت و باش ئامادەبێت بۆ ئەو ئەزموونەی کە لەو ئەفسانەیەدا خۆی دەبینێتەوەو ڕاستگۆیانە نهێنیی ئەو شوێنە قووڵەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە تیایدا ئارەزووە سێکسییەکان تێکەڵ بە ویستە توندوتیژەکان دەبن لە یەکەیەکی یەکانگیردا.

پێدەچێت چیرۆکی (ماڵی شۆخە نووستووەکان) لە چیرۆکێکی تەوراتییەوە سەرچاوەی گرتبێت، باس لەو پیرەپیاوە دەکات کە لە تەنیشت کچێکی تازە پێگەیشتووەوە دەنووست، تا تەندروستیی لەدەستچووی بەدەست بهێنێتەوە: (شا داود بەساڵدا چووبوو. بێهودە خۆی بە جل دەپێچایەوەو گەرمی نەدەبووەوە، کارگوزارەکانی پێیان وت: دەبێت بگەڕێین کچێکی پاکیزە بۆ گەورەمان بدۆزینەوە، بەردەوام لەگەڵیدا بێت و بەپێویستییەکانی هەڵبستێت! بۆ ئەوەی لەسەر سنگی بنوێت و بەمەش پادشامان گەرمی ببێتەوە. بەمجۆرە لە تەواوی خاکی ئیسرائیلدا گەڕان بەدوای کچێکی زۆر شۆخدا، تا لە (ئەبیزاك) دۆزییانەوەو هێنایان بۆ خاوەنشکۆ. کچێکی زۆر جوان بوو، بە کارەکانی پاشا هەڵدەستاو بەردەوام لەخزمەتیدا بوو، بەڵام پاشا نەیتوانی پێی بگات).

ئەمە ئەفسانەیەکی کۆنە یان خەیاڵێکە لە هەموو کولتوورەکاندا هەیە.

ئیگۆشی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە یەکێك لە شەوە خەمناکەکاندا کە لە ماڵی شۆخە نووستووەکان بەسەریدەبرد بیریکەوتەوە: (هەر لە کۆنەوە بەساڵاچووان هەوڵیانداوە بۆنی کچان وەك دەرمانی گەنجبوونەوە بەکاربهێنن). ئەو کەسێکی تەواو پیر نییەو بەشێوەیەکی هیوابڕاو لێنەچۆتەوە، وەك کیگای هاوڕێی کە ئەو ماڵە نهێنییەی بۆ ئاشکرا کردو وتی: وەك پەرستگایەکە بۆ سێکس و دێرێکە جەڵەوی خەیاڵی تیادا بەرەڵا دەکرێت. مشتەرییەکان شەو لە نزیك چەندین کچی بێهۆشەوە لەوێ بەسەردەبەن. تەمەنی 67 ساڵەو هێشتا بەدووی سێکسەوەیە، ئەگەرچی لە لێچوونەوەشدایە. ئەو چێژانەی لەوێ بەشوێنیاندا دەگەڕێن، چەند وابەستەن بە جەستەوە ئەوەندەش وابەستەن بە یادەوەری و خەیاڵەوە. ماڵەکە پەیڕەوی چەندین یاسای توندوتۆڵ دەکات بۆ پاراستنی سەلامەتیی کچەکان، کە هەندێکیان پاکیزەن و ڕێگە نادرێت لاقەبکرێن یان ئازاربدرێن، لەبەرامبەریشدا ئەو کچانە بۆیە لەوێن تا پیرەمێردەکان لە هزریاندا پێیان بگەن، چونکە ئەوان تامەزرۆی ئەوەن لە نزیك جەستەی جوانی بێهۆشەوەبن.

هەندێکجار ئیگۆشی خەیاڵ دەیباتەوە بۆ ئازارو مەرگەساتی دۆستە کچە جوانەکانی، بەڵام ئەمانە هەندێك حاڵەتی تایبەتن. ئەو شۆخە نووستووە جوانانەی بە وردی و مەستییەوە، یان بە هیواوە لێیان دەڕوانێت، سۆزی یادەوەرییە شیرینەکانی تیادا دەوروژێنێت و دەنگ و ڕەنگی مەعشوقە کۆنەکانی وەبیردێنێتەوە. ساتەکانی بوونی خۆی، ئەو ساتانەی کە بە قووڵی دەژیا، جا بە شادی یان بە ناشادی بووبێت، یان سەری گێژی خواردبێت لەنێو ئەو هەموو ئاڵۆزییانەی خودی مرۆڤ، کە ئەستەمە بەرگە بگیرێت. وەك ئەوەی کاتێك کچە بچووکەکەی بیرهاتەوە کە پیاوێك بە بیانووی هاوسەرگیری لاقەی کردو دوایی بەجێیهێشت و ئەویش شووی بە کەسێکی دیکە کرد.

ئایا ئیگۆشی چێژی لە نزیکبوونەوە لە شۆخە نووستووەکان وەردەگرت؟ لەو حاڵەتەی ئەودا سەختە قسەکردن دەربارەی دڵخۆشی بەواتای ڕازیبوون لە جیهان و خودی خۆی و دەوروبەر. بەپێچەوانەوە ئەو

شۆخە نووستووانەی ئیگۆشی تەنها بۆی هەیبوو خەونیان پێوە ببینێت بێ ئەوەی ڕێگەی پێبدرێت قسەیان لەگەڵدا بکات، هەستکردنێکی ترسناکیان بە تەنیایی پێدەبەخشی، وەك چۆن جوانی و گەنجی بە دەموچاو و جەستەی ئەوانەوە جیاوازیی ئاشکرا دەکرد لەگەڵ بەساڵاچوون و پیری لەمدا. ئەو پیرییەی ناتوانرێت چاوپۆشی لە خەمناکی و قێزەونییەکانی بکرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناکرێت ڕۆمانی (ماڵی شۆخە نووستووەکان) بە ڕۆمانێکی پاکبوونەوە لە گوناهەکان دابنێین، واتە وەك یەکێك لەو نموونانەی سەدەکانی ناوەڕاست، کە چەندین کردەوەی سێکسیی درندانەی تێدایەو ئامانجی دەرخستنی قێزەونیی گوناهە. بەپێچەوانەوە لەم ڕۆماندا خۆشەویستیی ئایرۆسی –واتە خۆشەویستیی جەستە کە خەیاڵ و سروتی تایبەت لەخۆدەگرێت– ڕۆڵی بنەڕەتیی هەیە، هەروەها بە وردی وەسفکردنی جەستەی ژن و ئارەزووە هەڵەشەکان، یان هەستە ناسکەکان کە دەیوروژێنێت زۆرجار ئاماژەیە بە کەشێکی سێکسی، کە بە هەموو شتەکانەوە دیارە. پێخەفە کارەباییەکە، تابلۆی دیمەنی پایزە، پەردە جەلسە سوورەکان، تەنانەت دەنگی پێکداکێشانی وردە شەپۆلەکان، هەموویان جۆرێك لە وروژێنەری ئارەزووی هەوەسبازیی تێدایە، بەڵام لەم چیرۆکەدا (بەداخەوە گۆشتەکە خەمناکە) وەك ئەوەی لە قەسیدەکەی مالارمێدا هەیە، چونکە پاڵەوانەکەی پیاوێکە داڕمانی جەستەیی ئاگاییەکی توندی بە مردن پێدەبەخشێت، ئەم ماڵەش کە تایبەتە بە هەوەسبازی، شوێنێکە کە چەندین مەتەڵ و سروتی تایبەتی تێدایە. کچە جوانەکان و پیرەمێردە مشتەرییەکان، وەك ئەوەیە بەبێ ویست و زانیاریی خۆیان ڕۆڵێکی ئاڵۆزیان هەبێت، کە بێگومان کەسێك لە دەرەوە ئامادەیکردووە بۆیان و بەدڵنیاییشەوە چاودێریی جێبەجێکردنی دەکات. ئاڵۆزترین کەسێتی لەم ڕۆمانە لوغزاوییەدا شۆخە گوێڕایەڵەکان نین، هەروەها پیرەمێردەکانیش نین کە خزمەتگوزارییەکانیان بەکرێگرتوون، بەڵکو خانمی ماڵەکەیە، ئایا ئەو خانمە خاوەنی ماڵەکەیە یان تەنها بەڕێوەبەریەتی؟ ئەو خانمە بەردەوام باسی ئەو پیاوەدەکات ( کە خاوەنی ماڵەکەیە) بەڵام ئێمە نایبینین، لەبەرامبەریشدا ئەم خانمە ئامادەگیی بەردەوامی هەیەو بڕیارەکانیش هەمووی لەدەست خۆیدان. ئەو تارمایی کەسێکی دیکەو ژنێکی بێناوەو تەمەنی نزیکەی 45 ساڵە. دەنگی زۆر گەورەیە، بە هاڕەی بەفر دەچێت. کەشێکی سەیر دەوری داوە، لەگەڵ هەر دەرکەوتنێکیدا، دەریدەخات کە خاوەنی دەسەڵات و حوکمێکە زیاتر لەوەی تەنها (گەوادێك) بێت. تەنانەت مردنی کچە ئەسمەرەکەش زمانپاراوییەکەی نەشێواند. تاکە شتێك کە لەو ساتەدا لێی دەترسا ئەوە بوو کە ئیگۆشی بەکردەوە هەڵەشەکانی سەرنجەکان ڕابکێشێت. وەك بڵێی ئەوەی ئەم ژنە لێی دەترسێت ئابڕوچوون نییە، بەڵکو نەمانی ئەو رووکەشە توندو نهێنییەیە، کە مردن و ژیان لەو فەزا تایبەتەدا ڕێکدەخات، کە ماڵی نووستووەکانە، بەو هەموو یاساو سروتە سەیرانە لە جیهانی دەرەوەی جیادەکاتەوە، ئەو تێگەیشتنەی لای خوێنەر جێدەهێڵێت ئەوەیە کە ئەم ژنە سەرەداوە نهێنییەکانی ئەم جیهانە بچووکە ئاهەنگئامێزەی لەدەستدایەو تیایدا ڕۆڵی گەورەی کاهینەکان دەبینێت، سەرجەم کەسایەتییەکانی دیکەش جێبەجێکاری ئەو سروتانەن کە ژنەکە خۆی داهێنەریانەو بەتەنیاش نهێنی و وردەکارییەکانیان شارەزایە.

ئایرۆسی هەوەستبازی و خۆبەتاڵکردنەوەیە لە خەم، بەرزڕاگرتنی غەریزەی سێکسییە لە ئاهەنگێکدا پاڵەوانەکانی تارمایی نادیاری حەزن، ئەوانە خەیاڵ دەیانجوڵێنێت و تامەزرۆی بەرجەستەکردنی ئەو خەیاڵانەن و بەدوای چێژێکی سەرپێیدا دەگەڕێن، کە بە سەراب دەچێت، چونکە نزیکە لێیانەوە، بەڵام پێی ناگەن. ئەمە گەمەیە... گەمەیەکە وردەکاریی زۆر لە ئامادەکارییەکانیدا کراوە، ئەوانەشی بەم گەمەیە هەڵدەستن، تەنیا شارستانییەتە کۆنەکانە کە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتنیان بەدەستهێناوەو ئیتر نیشانەکانی داڕمانیان لێ دەرکەوتووە.

ئایرۆسی لەگەڵ روحی پێشڕەوی و تێکۆشاندا یەکانگیر نییە، کە خەسڵەتی گەلانی دێرینی شەڕانگێز بوو، ئەو گەلانەی هەموو تواناکانیان بۆ پاوانخوازی وەگەڕدەخست. یەکانگیر نییە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە پەراگەندانەی دەمارگیربوون بە بیروباوەڕی ئاینی یان سیاسی، چونکە لەو کۆمەڵگەیانەدا نموونەی باڵا، توانای تاکەکان دەمژێت و سێکسبازی کپدەکاتەوە، چونکە بە سەرچاوەی لادانی ئەخلاقی و روحی و شارستانیی دەزانێت. بۆیە دەیکاتە تەنیا ئامرازێك بۆ زاوزێ: منداڵ دروستبکەن تا لە شەڕو خواپەرستیدا بەشداربێت.

سەدەی ئایرۆسی راستەقینە لە خۆرئاوادا سەدەی هەژدەیە، سەدەیەکی پڕاوپڕ لە گومان، تیایدا سەرجەم یەقینە ئاینی و زانستی و کۆمەڵایەتییەکان تێکشکا، هەموو نموونە باڵاکان و راهاتنە کۆمەڵایەتییەکان داڕمان و تاکی خۆبەگەورەزان و سەربەخۆو ئازاد لە هەموو بەستەرە کۆمەڵایەتی و پاڵنەرە ئاینییەکان دەرکەوت. راستە کۆمەڵگە لەبەریەك هەڵنەوەشایەوە، بەڵام ئامرازەکانی چاودێریکردنی تاك هێندە لاواز بوون، هەموو کەسێك لەتوانایدا بوو بەپێی توانستەکانی خۆی دەربکەوێت. سەبارەت بە کەنیسەش کە هەر بەناو وەك پارێزەری مۆراڵ و بەها ئاینییەکان مایەوە، بەشی زۆری دەسەڵاتەکانی پێشووی لەدەست داو خۆی لە ئاستێکی داڕوخاودا بینییەوە، بەشێوەیەك لەجیاتی ئەوەی سەپێنەری دەسەڵات بێت بەسەر غەریزە بەشەرییەکاندا، بووە یارمەتیدەر بۆ بەرەڵابوونی ئەو غەریزانە. پاش ئەوەی مەبەستەکانی خۆشەویستی لە ئاراستەکردن بەرەو زاوزێ کورتکرابووەوە، جارێکی تر بووەوە مەیدانی چێژوەرگرتن، دوای ئەوەی ئەو راستییەشی بۆ ئاشکرابوو ئیدی لە هەموو بوارێکدا بانگەشەی بۆ دەکرد، لە توێژینەوە فەلسەفییەکان و لە شیعرو چیرۆکەکاندا، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەبوو بەشێوازی زۆر سەیرو خەیاڵاوی پراکتیزەی غەریزە سێکسییەکانی دەکرد، ئەویش لەرێگەی نەخشەبۆدانان و ئامادەکاریی ئاڵۆزی لەرادەبەدەر. ئەم ئاهەنگە هەوەسبازییە جوانانە بێگومان لەلایەکەوە هەنگاوێکی ئازادیی گەورەیە سەبارەت بەو مرۆڤەی لانیکەم کۆمەڵگە لەرووی سێکسییەوە هەندێك لە سەرووەرییەکانی بۆ گێڕایەوە، کە ئەرکی هەموو کۆمەڵگەیەکە بۆ تاکەکانی دابینبکات، تا ببێتە ئاسانکاری بۆ بەکۆمەڵ ژیان، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە دەگەیەنێت کە هاتنە دەرەوەی شەیتانە چڵێسەکانە لە شەقام و ماڵەکانی شارەوە، ئەو گیانلەبەرە دڕندانەیەیە –هەوەستبازییەکانی مرۆڤ– کە هیچ شتێك پەلی ناکوتێت و نایوەستێنێت و تێرکردنیشی ئەستەمە، ئەخلاقە باوەکان زیاتر دەیجوڵێنێت، چونکە چڵێسی و داواکارییەکانی بەشێوەیەك گەشەدەکەن، کە مرۆڤ گیژدەکەن، تەنانەت خودی بەکۆمەڵ ژیانیش دەخەنە مەترسییەوە.

ئایرۆسی کە بەردەوام لەشێوەی جەژنی خۆشی و شادیدا دەستپێدەکات و بە مەرگەسات و قەسابخانەی خوێناوی کۆتایی دێت، چونکە حەزەکان کە ئازاد دەبن، مردن نەبێت هیچ نایانوەستێنێت.

ئایرۆسی لە شارستانییەتی پیشەسازیی نوێدا، بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو لایەنە توندوتیژەکان خۆی رزگارکردووە. ئەو توندوتیژییانەی کە بەرگری لە بوون دەکات، لە پێشێلکردنی یاسا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەدا خۆی دەبینێتەوە. ئەم شێوازە یەکێکە لە خەسڵەتە سروشتییەکانی ئەم شارستانییەتە، ئەو لایەنە شەڕانگێزییەش گۆڕاوە بۆ کاتبەسەربردنێکی بێئازارو بازرگانی، گۆڕاوە بۆ جۆرێك لە کاریکاتۆری خودی، بێگومان ئەمە بەدەرە لە هەندێك حاڵەتی تاکەکەسی کە بەشێوەیەکی دیکە دوور لە چاوی خەڵکی لە چۆڵەوانیی گۆڕستانەکاندا ئەم کارە ئەنجامدەدەن. چۆن ئەم رەفتارە گەمەیەکی وروژێنەری ترسناکەو حەزە سێکسییەکانی مرۆڤ دادەمرکێنێتەوەو دەگاتە جۆرێك لە تێربوون، ئاواش رەنگە خۆی و کەسانی دیکەش تێکبشکێنێت.

کاواباتا ئەمانەی لە (ماڵی شۆخە نووستووەکاندا) بەشێوەیەکی جوان دەرخستووە: (هەموو رووییەکی

نامرۆڤانەیی لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا دەبێتە مرۆڤانەیی، چونکە لە تاریکیی جیهاندا هەموو جۆرە پێشێلکارییەکی بەندکراو لە پشتی پەردەوە بوونی هەیە). حیکایەتخوانەکە بەمشێوەیە بیردەکاتەوەو تەواو لە وەعیی پاڵەوانەکەی نزیکدەبێتەوە، بەشێوەیەك کە ئەم بیرۆکە تاریکانە زیاتر بە بیرکردنەوەکانی ئیگۆشی دەچێت. ئەو سروت و هەوەسبازییانەی پیرەمێردەکان هاتوون لەم ماڵە ئاهەنگی بۆ سازبکەن، نەشازو کاریگەرە، ئەوان کە بەتەنیشت ئەو کچانەوە راکشاون وا هەست بەهیچ ناکەن، توانستە سێکسییە بزربووەکانی خۆیان بیردێتەوە، ئەو چاوگی زیندەگییەیان وەبیردەکەوێتەوە، کە لە ڕابردوودا گڕی لەو شەوانەیان بەردەدا، کە لەگەڵ ژنانی وەك ئەم کچانەدا بەسەریان دەبردو ئێستاش جگە لە خۆڵەمێش هیچی دیکە نەماوە، تەنها خەونی قووڵی دروستکراو، کە هاودەمە کچەکانیش لەگەڵیاندا نوقمی بوون و نهێنییەکانیش دەپارێزن و نایەڵن مشتەرییەکانیان ئابڕوویان بچێت، چونکە ئەگەر شتێکی پێچەوانە رووبدات، ئەوسا کچەکان دەتوانن شلی و ماندوویی جەستەی پیرەمێردەکان لەکاتێکدا کە بە رەفتاری خۆنەویستانە هەڵدەستن، ئاشکرابکەن. بۆ ئەوەی پیرەمێردەکان لەو ئیهانەکردنە بپارێزرێن لە ژوورەکەدا، زوو زوو کچەکان دەگۆڕدرێن، لەگەڵ گۆڕینی دیمەنە سروشتییەکان کە دیوارەکانی پێ ڕازاوەتەوە. پیرەمێردەکان چەند ساتێك خۆیان بەو خەتوخاڵانە کەیفخۆش دەکەن کە بە جەستەی کچەکانەوە خەرمانەیانداوە، پاشان بەهۆی حەبی خەوەوە دەنوێندرێن، ئەم حەبانەش هەر دەچنە چوارچێوەی خزمەتگوزارییەکانی ماڵەکە. بێگومان ئەوان بەهۆی گۆڕینی وێنە یەك لەدوای یەکەکانی ئەو خەونە بەئاگایە، هەست بە ساتە پڕ چێژەکانی شەو دەکەن، کاتێکیش وەهمی چێژەکان نزیك بە ڕاستی دەبێتەوە، ئیدی ئەو وەهمە رەنگە لەگەڵ مردندا بڕەوێتەوە. وەك ئەوەی لەگەڵ فۆکۆرای پیرەمێرددا روویدا، کاتێك لە شەوێکی خەیاڵیی چێژدا بۆ ئەو دنیا رۆیشت.

سێکس ئەو مەحەکەیە کە خەمناکی و قێزەونیی پیری دەردەخات. کاتێك ئیگۆشی جەستەی خۆی لەگەڵ ئەو پێستە تەڕو ناسك و ئەو شێوە پتەو و نەرمەی جەستەی کچەکان بەراورد دەکات، وەعییەکی توندی بە دارمانی جەستەو نزیکبوونەوەی لەو مردنە لا درووست دەبێت، کە لە ماسولکەو جومگەکانیدا هەستی پێدەکات. ئەم تێڕوانینە، هەستکردن بە چێژی هەر لە سەرەتای وروژانەوە تیادا دەکوژێت، بەڵام لە حاڵەتی ئەمدا هەموو ئەو قێزەونی و داڕوخانەی دەوری سروتەکانیان داوە کە لەتەنیشت کچە نووستووەکاندا پیادەیان دەکات، خۆشیی یادەوەرییەکانی و جوانیی هەندێك وێنە کە لە مێشکیدا پاراستونی بە بینینی ئەو شۆخە رووتانە بۆ جارێکی دیکە تیایدا زیندوودەبنەوە، هەموو ئەوانە ئاسوودەیی پێدەبەخشن. بۆ نموونە: یادەوەریی داری (کامیلا 400) ساڵەکە کە کاتی خۆی لەگەڵ کچە بچووکەکەیدا لە یەکێك  لە پەرستگاکانی (کیوتو) بینیبووی. ئەو درەختە بە گوڵە پێنج رەنگە جیاوازەکەی کە پەڕەکانی بە ئەندازەیەك ئەستوور بوون خۆری لێوە دیارنەبوو.

وەسفکردن کاریگەرترین ساتەکانی ئەم کتێبەن و پڕ لوغوزترینیشیانن، چونکە ئەو ساتانەی ئیگۆشی لەگەڵ ئەو یادەوەرییەدا دەژیا، خونچەکانی دار کامیلاکە خۆیان لە پاکمەندییەکان رزگار دەکردو دەنگێکی وەك زیکەی هەنگیان بەهێواشی لێ بەرزدەبووەو هەوەستبازییەکی جوان و عەفەوییان لێ هەڵدەستا، وەك کچە نووستووەکەی تەنیشت پاڵەوانی رۆمانەکە.

بیرۆکەی مردن هەر لە کۆنەوە لە ئیگۆشیدا جێگیرە، لەکاتی گەنجیدا داوای لە مەعشوقەیەکی کردبوو خۆی لەگەڵدا بکوژێت. لەم شوێنەدا ئەو حەزەی ئیگۆشی بەتوندی دەردەکەوێتەوە، لەبەردەم دیمەنی کچە بێهۆشەکان، چونکە بۆ ئەم وا دەردەکەوێت پەڕیبنەوە بۆ ئەو دنیاو لەوێوە بانگی ئەم بکەن. زۆر بە کەمی لە هونەری رۆماننووسیدا وەسفێکی وەك ئەمە قەناعەتپێکەر دەبینین ئاوا بتوانێت پاڵ بە مرۆڤەوە بنێت بۆ مردن،

پێدەچێت ئەو پاڵنەرە لە قوڵاییەکانی سێکسدا بێت. لانیکەم کاتێك سێکس لەوە دەردەچێت کە مومارەسەیەکی ئاژەڵانە بێت و دەبێتە مەیل و حەزێکی کەرنەڤاڵانەو مۆرکی شارستانییەتی پێشکەوتووی پێوەدەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی سەیرە لەم پێشکەوتنانەدا کە شارستانییەت لە بواری سێکسدا بەخۆیەوە بینیوە، بۆ جارێکی دیکە لە کۆمەڵگەکاندا دەبنەوە بە سەرچاوەی ناجێگیری و توندوتیژی، وا دەریشدەکەوێت گەلانی دێرین لەو توندوتیژییە بێبەریبن، چونکە لای ئەوان تەنانەت (تاوانەکانی خۆشەویستی)ش نابینین. لەکاتێکدا ئەم دیاردەیە لەو کۆمەڵگەیانەدا بەربڵاوە کە ئازادی بەرقەرارەو حوکمی پێشوەخت و کۆیلایەتی و نەخۆشی و دواکەوتوویی لەو جیهانەدا لەنەماندایە.

ئەم رۆمانە کورتە (ماڵی شۆخە نووستووەکان) کە زۆر جوان و قوڵە، لە ناوەوەی خوێنەردا هەستێك بەجێدەهێڵێت وەسفکردنی ئاسان نییە، دەبێت ئەم چیرۆکە لە دووتوێیدا چیی بشارێتەوە کە بەدڵنیاییەوە هەموو واتاکانی ئاشکرا نەکردووە؟. دەبێت ئەو گوزارشتەی سێکس بێت وەك پڕ چێژترین سەرچاوەی چێژ بۆ مرۆڤ و لەهەمانکاتیشدا کە دەبێتە بیرێکی قوڵ لە دارمان و ئازارو توندوتیژی؟ مەرج نییە ئەم رۆمانە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بداتەوە، چونکە ئەو توانیویەتی بیانوروژێنێت لەرێی گوزارشتێکی سروشتیی پێویست، بۆ حەزێك کە خۆشییەکەی چێژی زۆری دەبێت لە سەرمان لەکاتی خوێندنەوەیدا، پاشان لە مێشکماندا دەمێنێتەوەو فراوانتریش دەبێت، بەمەش رۆمانەکە توانیویەتی بە ئەرکی خۆی بە باشی هەستێت و لە سەرمانە سوپاسگوزاریی بۆ دەرببڕین.

***ولید سلیمان لە ئیسپانییەوە وەریگێڕاوە.**

**لە سایتی (دروب، امبراتۆر)ەوە.**



**پۆرترێتی ماریو بارگاس یوسا**